# دیوانی مەولەوی: بنزاری گۆرانی وێژەیی یان هەورامی گوتاری؟

جەبار خدر محەمەد (جەبار میرانی)
دەزگای پەروەردە و ڕاهێنان لە پارێزگای کرماشان، جوانڕۆ
Jabarm40@gmail.com

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە
٢٠٢٤/١٠/١٢
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە
٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە**
دوو بنزارای گۆرانی وێژەیی و هەورامی گوتاری لە سەر شێوەزاری گۆران/زازایی زمانی کوردی دێنە ئەژمار. کەسانێک ئەم دووانە بە هەڵە وەک یەک بنزار دەزانن و دیوانی شاعێران و هۆنەرانی گۆرانی وەک مەولەوی بە هەورامی ناوزەد دەکەن کەچی ئەم وتارە دەیسەلمێنێت بنزاری گۆرانی دیوانی مەولەوی لەچاوەی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی جیاکەرەوە وەکوو دەنگناسی، بڕگەسازی، وشەڕۆنان، وشەناسی، ڕستەسازی و واتاییەوە لە گەڵ هەورامیدا جیاوازیی هەیە. هەورامی گوتاری دوو دەنگی زیادەی (ð) و (ɯ)ی هەیە. هەندێک پێکهاتەی بڕگە و ئامرازی وشەڕۆنان وەکوو چاوگی کردار، پاشکۆی کۆ، و ... لەم دوو بنزارەدا جیاوازن. هەروەها، نیشانەکانی دۆخی کارا، بەرکار، خاوەنی و شوێن و خستنەپاڵ لە پاش ناوەکانی هەورامی دەردەکەون کەچی لە گۆرانی وێژەیی دیوانی مەولەویدا نیین. بەراوردکردنی وشەکان لەسەر بنەمای پێرستی سەد وشەیی سوادیش هەبوونی نزیکەی ٥٠ وشەی لێکچوو و نزیکەی ٥٠ وشەی جیاواز لەم دوو جۆرەدا دەردەخات. ڕواڵەتی هەندێ لە پاشگرەکانی ڕێکەوتنی کارای کەس و ژمارە لەسەر کردار لە دارێژەی کارا-بەرکاریدا و ژمارە و ڕەگەز لەسەر بەرکار لە دارێژەی ارگاتیف-ئەبسلوتیڤدا لە نیوان ڕستەکانی هەورامی و گۆرانیدا جیاوازن. پاشگری هێمای ڕەگەز و پاشکۆی هێمای بەرکاری هەم ڕاستەوخۆ و هەم ناڕاستەوخۆ تەنیا لە هەندێ لە ڕستەکانی هەورامیدا بەرچاو دەکەون. ئەم توێژینەوە بە بەڵگەوە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە بنزاری دیوانی مامۆستا مەولەوی لە ڕووی زمانەوانییە گۆرانیی وێژەییە و هەورامی نییە.

**وشە سەرەکییەکان**: بنزاری هەورامی گوتاری، بنزاری گۆرانی وێژەیی، شێوەزاری گۆران/زازا، تایبەتمەندی زمانەوانی جیاکەرەوە.

## ١.پێشەکی

زۆربەی زمانناسان زمانی کوردی بە چوار شێوەزاری سەرەکی پۆلێن دەکەن کە بریتین لە: باکوور، ناوەند، باشوور و گۆران/زازا. جوگرافیای باکور یان کرمانجی زمانی کوردی دەکەوێتە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، سوریا، بەشی باکووری ناوچەی کوردستان و باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە ئێران. هەروەها زاراوەی ناوەند لە زۆربەی ناوچەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لە پارێزگاکانی کرماشان کە زۆرتر لە خەڵکی هۆزی جاف، پارێزگاکانی کوردستان و هەندێ لە خەڵکی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا قسەی پێدەکرێت. زاراوەی باشوور لە باشووری هەرێمی کوردستان و لە ناوچەکانی گەرمیان و لە باشووری ڕۆژ هەڵاتی کوردستان زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و لورستان و ناوچەکانی لەکستان بێژەری هەیە. زاراوەی گۆرانی لە نێو کوردانی یارسان و کاکەیی و ... هتد قسەکەری هەبووە و تا ئێستاش بە شێوەی بنزاری هەورامی لە ناوچەی هەورامان کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان و باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کوردستان و ڕۆژ هەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە ئاخێوەری هەیە. هەروەها زازایی لە بەشەکانی باکووری کوردستان و لە پارێزگاکانی دەرسیم، ئەرزەنجان، ئێلازیغ و ...هتد وتاربێژی هەیە.

سەرەڕای ئەمەش، لە ڕاستیدا هەریەک لە چوار شێوەزارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی واتە باکوور، ناوەند، باشوور و گۆران/زازا بەسەر چەند بنزاردا دابەش دەبن. هەر یەکێک لەو بنزارانە لە بەراورد لە گەڵ بنزارەکانی تر لەژێر کاریگەری چەندین فاکتەر و هۆکار لەڕووی هەندێک تایبەتمەندی زمانەوانییەوە جیاوازن، ئەمەش بنزارێک لە بنزارەکانی تری هەریەک لە شێوەزارە کوردییەکان جیا دەکاتەوە. شێوەزاری گۆران/زازاش بە سەر چەند بنزاردا پۆلێن دەکرێت لەوانە گۆرانی وێژەیی

و هەورامی گوتارین. لەم پێناوەدا، عەشیرەتێکی گەورەی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاستی پارێزگای کرماشان لەژێر نازناوی گۆراندا هەیە کە قسەکەرانی هاوپێ لەگەڵ قسەکەرانی هۆزە کوردە کۆچبەرەکانی تری زاگرۆس، وەک هەمەوەند، باجەلان، کاکەیی و ... بە بنزارێکی تایبەتی زاراوەی گۆرانی قسەیان کردوە کە ڕەگ و ڕیشەی لە زمانی میدیای ناوەندی یان پارتی ڕۆژئاوایی کۆندا هەیە. هەندێک بەڵگەی مێژوویی ئەوە دەردەخەن کە ئایینی ئەمانە گشتیان یارسان بووە و نووسینی شێعری ١٠ بڕگەیی بە ئەو بنزارەی گۆرانیە لەژێر ناوی دەفتەردا ڕێگا و نەریتێکی وێژەیی لەلایەن سەرکردەکانیانەوە بووە هەتاکوو لە ڕێوڕەسمە ئائینییەکانیاندا بخوێنرێنەوە (تاهێری، ١٤٠٠). بەو پێیەی کە ئایینەکەیان هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارنەوە قەدەغە کراوە، بنزاری ئاخافتنیشیان ئێستا لەژێر کاریگەریی جۆرەکانی تری کوردی و غەیرەکوردی لەبیرکراوە یان گۆڕاوە. بەڵام ئەم بنزارە لە دەفتەرەکانی یارسان و هەروەها لە دیوانی شاعیرانی دیکە وەکوو خانای قوبادی و مامۆستا مەولەویدا و ... هتد ژیاوە و بووەتە جۆرێ زاراوەی ئەدەبی پێوەری کوردانی زاگرۆس بەگشتی و هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی زمانەوانییە کە لە بنزارەکانی تری شێوەزاری گۆرا/زازا لەوانە هەورامی گوتاری جیاوازیان دەکات.

بنزاری هەورامی گوتاری بە بۆچوونی زۆربەی زماننا‌سان چەندین ژێرگرووپی لهۆنی، تەخت، بیسارانی، هەڵبجەی و شێخانی لەخۆدەگرێت هەروەها کە گوترا، ئاخێوەرانی هەورامی لە باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای کوردستان، باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان دەژین. بنزاری هەورامی وەک دوورگەیەک وایە کە دەکەوێتە نێوان بنزارەکانی جافی و ئەردەڵانی یان سنەی سەر بە کوردی ناوەندی و هەروەها بنزارەکانی کەڵهۆری، گەرووسی و کرماشانی سەر بە شێوەزاری باشووری زمانی کوردی. دوو بنزارای گۆرانی وێژەیی و هەورامی گوتاری لە سەر شێوەزاری گۆران/زازایی زمانی کوردی دێنە ئەژمار. کەسانێک ئەم دووانە بە هەڵە وەک یەک بنزار دەزانن و دیوانی شاعیرانی گۆران وەک خانای قوبادی، وەلی دێوانە، مەولەوی و ... هتد بە هەورامی ناوزەد دەکەن کەچی ئەم وتارە دەیسەلمێنێت بنزاری گۆرانی بەکار هاتوو لە دیوانی مەولەویدا لەچاوەی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی جیاکەرەوە چمان دەنگناسی، بڕگەسازی، وشەڕۆنان، وشەناسی، ڕستەسازی و واتاییەوە لە گەڵ هەورامیدا جیاوازە. هەورامی گوتاری دوو دەنگی زیادەی (ð) و (ɯ) هەیە. جۆرێک پێکهاتەی بڕگە بە سێ نەبزوێنی سەرەتایی و سێ نەبزوێنی کۆتایی لە بنزاری هەورامیدا بەدی دەکرێن کەچی لە بنزاری گۆرانی مەولەویدا نابینرێن. هەندێک ئامرازی وشەڕۆنان وەکوو چاوگی کردار، پاشکۆی کۆ، و ... لەم دوو بنزارەدا جیاوازن. هەروەها، نیشانەکانی دۆخی کارا، بەرکار، خاوەنی و شوێن و خستنەپاڵی خاوەن یان هەنی لە پاش ناوەکانی هەورامی دەردەکەون کەچی لە گۆرانی وێژەیی دیوانی مەولەویدا نیین. بەراوردکردنی وشەکان لەسەر بنەمای پێڕستی سەد وشەیی سوادیش هەبوونی نزیکەی ٥٠ وشەی لێکچوو و نزیکەی ٥٠ وشەی جیاواز لەم دوو جۆرەدا دەردەخات. ڕواڵەتی هەندێ لە پاشگرەکانی ڕێکەوتنی کارای کەس و ژمارە لە داڕێژەی کارا-بەرکاری لەسەر کرداردا و ژمارە و ڕەگەز لە داڕێژەی ارگاتیف-ئەبسلوتیڤ لە سەر بەرکاردا لە نێوان ڕستەکانی هەورامی و گۆرانیدا جیاوازن. هەروەها، پاشگری هێمای ڕەگەز و پاشکۆی هێمای بەرکار تەنیا لە هەندێ لە ڕستەکانی هەورامیدا هەن. ئەم توێژینەوە بە بەڵگەوە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە بنزاری دیوانی مامۆستا مەولەوی لە ڕووی زمانەوانییە گۆرانیی وێژەییە و هەورامی نییە.

هەر بەم ڕێبازە و لەم وتارەی ئێستادا لە پێشینەی لێکۆلین یان شیکاریدا واتە لە بەشی دووهەمدا پێشینەیەکی کورت لەسەر بابەتی ئەم وتارە واتە توێژینەوەکان لە سەر جیاوازی یان لێکچوونی بنزاری گۆرانی وێژەیی و هەورامی گوتاری باس دەکەین. بەشی سێهەمی ئەم وتارە واتە شێوازی توێژینەوە لە چەند بەشی جیاوازی بەراوردکاری بەشەکانی دەنگناسی، پێکهاتەی بڕگە، وشەڕۆنان، وشەناسی، ڕستەسازی و واتایی لە نێوان گۆرانی وێژەیی بە هێنانی وێنە لە دیوانی مەولەوی و هەورامی گوتاری پێک دێت. لە دوابەش یان بەشی کۆتاییدا ئاماژە بە ئەنجام و دەسکەوتەکان و پێشنیارەکانی ئەم شیکارییە دەکەین.

**٢- پێشینەی شیکاری**

ماکنزی (1965) سەرچاوەی جوگرافیای زاراوەی گۆران/زازا دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکانی نزیک دەریای خەزەر کە لە کاتێکی نادیاردا کۆچیان کردووە بۆ باشووری زاگرۆس (ل:٤٠١). بەڵام بە پێی ماکنزی (١٩٦١ب) ئاخێوەرانی زمانی کوردی یەکەم جار ڕوویان لە باکوور کردووە و تێکەڵ بە زازاکی بوون. دواتر ڕوویان لە باشوور کردوە و زاڵ بوون بەسەر گەلی گۆران و زمانەکەیاندا. بەم ڕەوتە، تێکەڵکردنی بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانی لەلایەن شێوەزاری کوردی باکوور (کرمانجی)ەوە بووە هۆی دروستبوونی شێوەزارەکانی کوردی ناوەڕاست و باشوور، بەڵام لەو کەینوبەینەدا زاراوەی کوردی باکور یان کرمانجی پاراوی و ڕەسەنی خۆی پاراست (ل86).

جوگێڵ (٢٠١٤) گریمانەی ماکنزی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت ئەم بۆچوونە جێگەی پرسیارە چوونکە ئەگەر وایە بۆچی هەندێک تایبەتمەندی زمانەوانی لە زمانی کوردی باکور و گۆرانیدا لەیەک دەچن، بەڵام ئەو تایبەتمەندیانە لە نێوان هەورامی لەلایەک


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

و زاراوەکانی ناوەڕاست و باشوور لە لایەکی ترەوە جیاوازن. بۆ ئەم مەبەستە، جوگێڵ بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتە سەر ئەم تایبەتمەندییە ڕێزمانیانەی خوارەوە: ڕەگەزی ڕێزمانی، دۆخ و نیشانەکانی بابەت لە سیستەمی ناوەکیدا؛ ئامرازی ڕێککەوتن لە سەر کار ، ڕەگی کار، شێوازی کۆدکردنی ماکی بابەتیانە (بۆ وێنە چۆنیەتی ئاماژەدانی بە بەرکار) لە پێکهاتەی کاردا و ئاماژە بە لێکچوون و بوونی ئەو تایبەتمەندیانە دەکات لە نێوان بنزاری هەورامی و زاراوەی باکوور بە پێچەوانەی نەبوون یان جیاوازین لە نێوان بنزاری هەورامی و زاراوەکانی ناوەڕاست و باشوردا.

لە لایەکی دیکەوە، لە پێوەندی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە گۆرانی، ماکنزی (2002) لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازی بەراوردکاری لە نێوان ئەوەی ناوی دەبات گۆرانی، کوردی و فارسی دەخاتە ڕوو. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە گۆرانی لە ڕووی مێژووییەوە لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی جیاکراوەتەوە و بە هۆی هەندێ لە تایبەتمەندییکانی دەنگسازییەوە لە زمانی کۆنی پارتی نزیک دەبێتەوە. ماکنزی بۆ هەر جیاکارییەک چەن وێنەیەکی زۆر کەم دەهێنێتەوە. ماکنزی (2002) لە درێژەی وتارەکەیدا، بەراوردێک لە نێوان هەندێک تایبەتمەندی وشەسازی و وشەڕۆنان، واتایی و ڕستەسازیی دیکەی هەورامی لەگەڵ کوردی، گۆرانی جۆری کەنوولە و جۆری ئەدەبی گۆرانی دەکات کە ئەم لێکۆڵینەوەی ئێستا سەرلە نوێ شیکاریان دەکاتەوە و لە باسەکانی تایبەت بە زمانەوانیدا کەڵکیان لێ وەردەگرێت بۆ بەراوردکردنی بنزاری هەورامی گوتاری و بنزاری گۆرانی وێژەیی نێو دیوانی مەلەوی.

کرەینبرۆک و چەمەنئارا (٢٠١٤) تیشکیان خستوەتە سەر ئەوەی کە گۆرانی پۆلێن دەکرێت بۆ سەر "گۆرانی وێژەیی" و "گۆرانی گوتاری". ئەوان "گۆرانی گوتاری" وەک زاراوەیەکی چەترۆێنە نیشان دەدەن کە هەندێک بنزار دەگرێتەوە کە لە ناوچەکانی هەورامان و گوران لە کوردستانی ئێران و هەندێک دوورگەی زمانەوانی لە خانەقین و موسڵ لە هەرێمی کوردستان قسەیان پێدەکرێت. زیاتر لەمە، مەبەستیان لە "گۆرانی وێژەیی" دەڤۆکێکی وێژەیی تایبەت بووە کە لەلایەن کۆمەڵێک لە شاعێرانی 'زاگرۆسییەوە' شێعری پێ گوتراوە کە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێرانەوە و لە بەرەی ئەردەڵانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ناوچەکانی کرماشان و لوڕستان و کەلهورەکان، لەکەکان، هەورامییەکان و بەشێک لە لوڕەکانیش دەگرێتەوە و هەروەها زمانی سەرەکی دەفتەرەکانی ئاینی یارسان بووە. ئەوان پێیان وایە دەستەواژەی "گۆرانی" کۆین یان زاری هاوبەش واتە بنزاری ناوچەیەکی تایبەت نەبووە کە بووبێتە زمانی باو یان پێوەری ناوچەکانی بەربڵاوتری زاگرۆس. هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە کە گۆرانی هەرگیز وەک ڕیبازێکی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانی کوردی هەژمار نەکراوە. ئەوان دوو هۆکار بۆ نیشاندانی گۆرانی وەک زمانێکی وێژەیی گشتگیر دەژمێرن کە بریتین لە: (1) تایبەتمەندییە زمانەوانییە جیاوازە سەرنجڕاکێشەکانی و (2) قەرزە ناهاوشێوەکانی لە زاراوە جۆراوجۆرەکان کە لە ناوچەی زاگرۆس قسەیان پێدەکرێت. بۆ پشتگیریکردن لە بانگەشەکەیان، هەندێک جیاوازی زمانەوانی لە بواری دەنگسازی، واچەسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتایی لە نێوان هەورامی، وەک وێنەیەک لە زاراوەیەکی زاگرۆسی، لەگەڵ زمانی وێژەیی گۆرانیدا دەگێڕنەوە.

چەمانئارا و ئەمینی (2018) لەو بوارەوە پێداچوونەوە بە پێشینەی توێژینەوە دەکەن و ئاماژە بەوە دەکەن کە "هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی زمانی کوردی و گۆرانی وەک دوو زمانی جیاواز یان وەک یەک زمان، لە ئەنجامی تیۆری جیاواز لە بوارەکانی زمانەوانی ومرۆڤناسی کوردیدا دروست بووە" (ل :9). ئەوان وتەی بەدلیسی (1994، ل24) دەهێننەوە کە هەموو کوردەکانی پۆلێن کردووە بۆ سەر چوار بەرەی سەرەکی گۆران، کرمانج، لوڕ و کەلهوڕ. جگە لەوەش ئەوان بە گێڕانەوە لە ئۆرانسکی گۆرانی لە گەڵ زازا و شێوەزارەکانی دیکەی کوردی وەکوو یەکێ لە زاراوەکانی زمانانی ئێرانی باکوور-ڕۆژهەڵات دابەش دەکەن. ئەوان ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەکانی سۆانێ و لێکۆڵینەوە هاوشێوەکانی تری کە لە ژێر کاریگەری سۆانێ بەڕێوە چوون وەک ئەی کریستینسن (1921)، هادانک (1930)، و ماکنزی (1961b، 2002) دەگرن و دەڵێن ئەم توێژینەوەیانە بە پێی ڕێبازی زمانەوانیی مێژوویی-بەراوردی پۆلێن دەکرێن کە لە ئەنجامدا لێکچوونەکانی نێوان زمانەکانی باشووری ئێران تەواو سروشتییە.

چەمانئارا و ئەمینی (2018) ئاماژە بەوە دەکەن هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی یان داتایەکی شوێنەواریی نییە کە پشتگیری لەو کۆچانە بکات کە ماکینزی (1961b، 2002) گریمانەی کردووە. چەمانئارا و ئەمینی (2018) دەبێژن کەموکوڕی لێکۆڵینەوەکەی ماکنزی ئەوەیە ئەو تەنانەت پێناسەیەکی ڕوون و یەکگرتوو بۆ زاراوەی 'گۆڕانی' نادات. هەندێک جار بۆ تێکەڵەیەک لەو زاراوانەی کە لە ئێستادا لە باشووری زاگرۆس قسەیان پێدەکرێت، لە هەورامانەوە تا دەگاتە پارێزگای لوڕستانی ئێستا کەڵکی لێ وەردەگرێت، بەڵام زۆرجار بە تایبەتی بۆ هەورامی بەکاریدەهێنێت. هەر لەو پێوەندییەدا، بۆچوونەکانی بلاو و مۆفتیزادە (٢٠١٧)یان خستەڕوو کە لە نێوان گۆرانی گوتاری و ئەو زمانەی کە دواتر بوو بە زمانی ئەدەبی گۆرانی لە دیواخانەکانی بابان و ئەردەڵاندا جیاوازیان داناوە.

جگە لەوەش، چەمانئارا و ئەمینی (2018) ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەی ماکنزی (2002) دەگرن کە کوردی لەگەڵ گۆرانی وەک دوو زمانی جیاواز بەراورد دەکات. ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە وێنەکانی ‘کوردی’ نێو وتارەکەی تەنیا ئەوانەن کە پشتگیری لە گریمانەکەی ئەو دەکەن. جگە لەوەش ئەو ئاماژە بە سەرچاوەی داتاکانی خۆیدا ناکات و زۆربەیان لە سەرچاوەکانی گۆرانیدا نادۆزرێنەوە. جگە لەوەش، ئەو نموونانەی کە ماکنزی وەکوو نوێنەرایەتی حەوت جۆر جیاوازیی دەنگسازی گریمانەکراوی نێوان کوردی و گۆرانییان هاوردوویە نەک لە سەرچاوە و دەقە ڕەسەنەکانی گۆرانییەوە بەڵکو لە جۆرە ئاخاوتنییەکانی وەک هەورامییەوە خراونە ڕوو و نادرووست و چەواشە کارین.

چەمانئارا و ئەمینی (2018) پێداچوونەوە بە توێژینەوەیەکی دیکەدا دەکەن کە لەسەر بنەمای گریمانەی ماکنزی لە ژێر ناوی زمانی گۆرانی گاوراجو دامەزراوە. گەوراجوو گوندێکە لە پارێزگای کرماشان لە نزیک ڕێژاو و کرێند. ئەم توێژینەوەیە لەلایەن مەحموودوەیسی (٢٠١١) ئەنجامدراوە. نووسەران تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی جۆری گەوراجوو کە لە تایبەتمەندییە دەنگناسی، وشەڕۆنان، وشەیی و ڕستەسازییەکان پێکدێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سۆرانی، لەکی، کەڵهووڕی، هەورامی و گۆرانی بەراورد دەکەن. لە کۆتاییدا ئەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە زمانی گۆرانی گەوراجوو لە ڕووی زمانەوانییەوە تەواو جیاوازە لە زمانی کوردی سەرەڕای ئەم باوەڕە هاوبەشەی کە خەڵکی گەوراجوو خۆیان وەک کورد و زمانەکەیان بە کوردی دەزانن. تەنانەت ئەوان زمانی گریمانەیی "گەورەجوو" ی خۆیان لەگەڵ زمانی ئەدەبی گۆرانیی دەقە ئایینییە پیرۆزەکانی یارساندا پێناسە دەکەن. بەڵام چەمانئارا و ئەمینی (2018) ئەو ئەنجامە دەخەنە ژێر پرسیارەوە کە لەلایەن مەحمودڤەیسی و هاوکارانی (2011)ەوە پێشکەش کراوە لە ڕێگەی نیشاندانی جیاوازی لە بەراوردکردنی تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی “گەورەجوو” و زمانی ئەدەبی گۆرانیی دەقە ئایینییە پیرۆزەکانی یارسان.

لە کۆتاییدا، بە پشتبەستن بەو بۆچوونەکانی کرێنبرک و چەمانئارا (2013) ، چەمانئارا و ئەمینی (2018) گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانی دەڤۆکێکی تایبەت بە شێعر یان زاراوەیەکی هاوبەش بووە لە نێوان خەڵکانێکی هەڵگری زاراوەگەلی جیادا و لە گەڵ هەموویانیشدا جیاواز بووە. هیچ بەڵگەیەک نییە کە نیشان بدات گۆرانیی وەک زمانێک بۆ پەیوەندییەکانی ڕۆژانە بەکارهێنراوە. لەبری ئەوە وەک زمانی ئەدەبی گروپە جیاوازەکانی خەڵکی ناوچەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە کاری کردووە. شیکردنەوەی وشە و دەستەواژە زۆر بەکارهێنراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆرانی لە وشەسازیدا زۆرترین پەیوەندی بە لەکی و هەورامییەوە هەیە و لە ڕستەسازیدا لەگەڵ کەڵهۆری و لوریدا پەیوەندی هەیە، لە ڕووی دەنگسازیشەوە، نەرم و نیانی ئەنوێنی. هەرچەندە گۆڕانکاری لە بێژەکردندا هەندێک جار مانای وشەکان دەگۆڕێت، بەڵام لە نێوان قسەکەرانی هەورامی و لەکی و کەڵهۆری و لۆری و هەروەها لە نێوان هەندێک گروپی سۆرانی زماندا کۆدەنگی لەسەر مانای ڕاستەقینەی وشەکان هەیە. گۆرانی قەڵای کولتوورێکی زارەکی بووە، یارمەتیدەر بووە لە پاراستن و پەروەردەکردن و گواستنەوەی تایبەتمەندییە هزرییەکانیان کە زۆربەیان پێشتر لەبیرکراون.

لە وەڵامی چەمانئارا (١٣٩٠) و بامشادی و هاوکارانی (١٣٩٣، ١٣٩٤، ١٣٩٥، ١٣٩٦)، سەجادی (2018) هەوڵ دەدات بەدواداچوون بۆ پەیوەندی زمانەوانی و خاڵە هابەشەکانی نێوان گۆرانی و هەورامی و کوردی بکات. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە بۆ ئەوەی بگاتە ئەم ئامانجە، هەوڵدەدات لە بۆچوونی پسپۆڕانی ئەم بوارە، بەڵگەی زمانەوانی و وێژەیی و تێبینییەکان و بەهرەی زمانەوانی خۆی کەڵک وەربگرێت. لە کۆتاییدا دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی لە هەموو تایبەتمەندییەکان ئاماژە بەوە دەکات کە گۆرانی و هەورامی دوو نیشاندەرن بۆ دەستنیشانکرنی یەک نیشانەی زمانەوانی جیاواز لە کوردی. واتە گۆرانی یان هەورامی جۆرێکی کوردی نییە، بەڵکو زمانێکی جیاوازە کە سەر بە لقی باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە و سەرەڕای وێنگای گشتی خاوەنی شێوەزاراوەی تایبەتی خۆیەتی. هۆکاری هەژمارکردنی گۆران/هەورامی وەک شێوەزارێکی کوردی تەنیا نیشتەجێبوون و تێکەڵبوونی ئاخیوەرانی ئەم دوو جۆرە لە ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراودا بووە. لێکچوونی زمانەوانی نێوان ئەم زاراوانە بەتایبەتی لە ڕووی وشەناسییەوە لە ئەنجامی کاریگەریی گۆرانی/هەورامی لەسەر کوردی بووە کە تا بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم زمانی فەرمی و وێژەیی دیواخانی بەناو کوردستان بووە. پەرەسەندنی بزووتنەوە نەتەوەخوازییە کوردییەکان لەم دەیان ساڵەی دواییدا بە پشتبەستن بە چەمکی "دەوڵەت- نەتەوە" و "یەک نەتەوە- یەک زمان" وەک دەرئەنجامەکەی، ئەو دۆخەی خراپتر کردووە کە بووەتە هۆی ئاسمیلەکردن و تاوندنی زمانەوانی زۆربەی گۆران/هەورامییەکان و ڕێگری لێیان کردوە کە بەخۆئاگاداری زمانەوانی بگەن.

جگە لەوەش لە پێشەکی دیوانی سەیدیی هەورامیدا، حەبیبی (٢٠٢٠)، وەک کۆکەرەوەی ئەم کتێبە، گۆرانی وەک زاراوەی زمانی ئەدەبی بەرفرەتر کە هەورامیش دەگرێتەوە ناودەبات کە زمانی ئەدەبی کورد لە ناوچە جوگرافییەکانی زۆرینەی پارێزگاکانی ئێستای هەمەدان، لوڕستان، کرماشان، ئیلام، کوردستان لە ئێران و سولەیمانی و کەرکوک لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێژووی ڕابردوودا بووە. بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک جیاوازی لە نێوان ئەم زمانە ئەدەبییە

بەرفرەترە و هەورامیدا هەیە لەوانە بوونی جیاکاریی ڕەگەزی ناوەکی لە هەورامیدا و نەبوونی لە زمانی گۆرانیدا، بەکارهێنانی هاتنە خستنەپاڵی (و) لە نێوان ناوێک و پاڵدەرەی لە پێکهاتەی ناوەکی هەورامیدا و نەبوونی لە گۆرانیدا، هەبوونی وشە و پێکهاتە ڕێزمانییەکانی جۆرەکانی تری کوردی لە گۆرانیدا و نەبوونی ئەوان لە هەورامیدا. (ل: ٦٦-٧٠).

سەرەڕای چەندین بۆچوونی سەبارەت بە پێگەی گۆرانی لە پێشینەی توێژینەوەدا وەک تەنها زمانی وێژەیی کوردی، وەک زمانێکی جیاواز یان یەکسان لەگەڵ هەورامی کە سەر بە نەتەوەیەکی تەواو جیاواز لە گەڵ کوردن، و ...، لەسەر بنەمای مێژوویی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و بەڵگەی زمانەوانی، ئێمە گۆرانی ئەدەبی بە بنزارێک دادەنێین کە لە نێو زۆرێک لە عەشیرەتەکانی کورددا قسەی پێ کراوە لەوانە گۆران، هەمەوەند، ئەردەڵان، باجەلان، کاکەیی، سەرلی، و ... کە پێشووتر هەڵگری ئایینی یارسان بوون و جۆرە شێعرە دە بڕگەییەکانی ئەو ڕێوڕەسم و ئایینەی خۆیان بە بنزارێکی شێوەزارێکی زمانی کوردی نووساوە و خوێندوە کە پێی دەوترێت گۆرانی. بەو پێیەی کە ئایینەکەیان هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارنەوە قەدەغە کراوە، ئێستا نەک بنزار بەڵکوو شێوەزارەی ئاخێوەرانیشیان گۆڕاوە و بووە بە شێوەزاری ناوەندی یان باشوری زمانی کوردی. بنزاری وێژەیی سەر بە زاراوەی گەورەتری شێوەزاری گۆران/زازایە کە لە گەڵ هەورامی گوتاری بە بەراورد لە گەڵ هەندێ تایبەتمەندی زمانەوانی جیاکەروە یەکسان نییە، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ هەورامی گوتاری دوو بنزاری شێوەزاری گۆران/زازای زمانی کورد پێک دێنن. بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بەراوردێک بکەین لە نێوان بنزاری هەورامی گوتاری بەگشتی و بنزاری گۆرانی وێژەیی کە مامۆستا مەولەوی لە دیوانەکەیدا کەڵکی لێ وەرگرتوە و بە پێ داتاکانی زمانناسی نێو دیوانەکە لە بەشەکانی توێژینەوە لە خوارەوە واتە لە بەشەکانی دەنگناسی، بڕگەسازی، وشەڕۆنان، وشەناسی، ڕستەسازی و واتادا دەخرێنە بەردەست دەیسەڵمێنین کە ئەم دوانە یەکسان نیین و دوو بنزاری شێوەزاری گۆران/زازەی زمانی کوردین.

**٣-تایبەتمەندییکانی زمانەوانی هەورامی گوتاری بەرامبەر بە گۆرانی وێژەیی مەلەوی**

**١-٣. دەنگناسی هەورامی و گۆرانی**

زۆربەی زمانناسان و نووسەرانی کتێبیەکانی وانە و ڕێنووسی قووتابخانە و خوێندن دەڵێن کە ژمارەی دەنگەکان لە شێوەزاری کوردی ناوەڕاستدا ٣٧ دەنگن کە ٢٩ نەبزوێن و ٨ بزوێن لەخۆ دەگرێت. نەقشبەندی (١٩٩٧ وەرگیراو لە ٢٠٢٠) ژمارەی نەبزوێنەکانی هەورامی (زاری پاوە) بە ٢٧ و ژمارەی بزوێنەکانی بە ٩ دانە دەزانێت کە بەگشتی دەکاتە ٣٦ دەنگ. هەروەها، ماکنزی (1966) دەنگەکانی هەورامی بە ٣٩ گلە دەژمێرێت کە لە 26 نەبزوێن، دوو نیوە بزوێن و 10 بزوێنە پێکهاتوون. ڕەحیمی (١٣٨٦) دەڵێت لە هەورامیدا ٣١ نەبزوێن و ٩ بزوێن هەیە. سەنەندەجی (2014) سیستەمی دەنگەکانی بنزاری هەورامی نەوسوو بە 30 نەبزوێن و 8 بزوێن و 1 بزوێنی ئاوێتە دەزانێت. سنەندجی ٢ نیمچە بزوێنی ماکنزی وەک بزوێن دادەنێت، لەو حاڵەتەدا ژمارەی بزوێنەکانی ماکنزی و سەنەندەجی یەکسانن. سەجادی (١٣٩٢) ژمارەی نەبزوێن و بزوێنەکانی هەورامی بە ڕیزی ٣٠ و ١٠ ژماردووە. هەروەها کە لە پێشینەکانی لێکۆڵیندا دەردەکەوێت، ژمارەی دەنگەکان لە بۆچوونی نووسەراندا جیاوازن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لەیرەدا ئەو خشتانەی لە نەقشبەندی (1997، وەک لە 2020دا هاتووە) وەک بنەما وەردەگرین لەبەر ئەوەی خۆی یەک بزوێنی تایبەتی دیکەی زیاد کردووە بە ناوی (د)ی زاگرۆسی و بە (ɹ$^{Y}$) نووسیویەتیەوە کە ئێمە لەیرەدا بە (ð) دەینووسین. جگە لەم دەنگە زیادەیە لە هەورامیدا، نووسەری ئێستا پێی وایە کە دەنگێکی زیادەی دیکە هەیە کە لووتییەکی زمانۆکی دەنگدارە کە ئێمە بە پشتبەستن بە IPA دەتوانین وەک (N) یان (ɰ) بینووسینەوە کە لە وشەکانی وەک iNa (ئەوەندە) و çN (چەند)دا بوونی هەیە. بۆیە، دوو نەبزوێنی تری (ɹ$^{Y}$)/(ð) و (N)/ ɰ هەن کە لە جۆری هۆرامی گوتاریدا بە گشتی بەدی دەکرێن کە لە جۆری ئەدەبی گۆرانیدا نابینرێن؛ بەم جۆرە، هەورامی لە بەراورد لە گەڵ بنزاری گۆرانیدا لە هەندێ شوێندا لە جیاتی (د) و (گ) لە دوو نەبزوێنی (ð) و(ɰ) کەڵک وەردەگرێت.

بەم ڕێڕەوە، بە بڕوای ئەم نووسەرە لە ڕووی دەنگناسییەوە هەردووکیان لە ٣٧ دەنگی بنەڕەتی زمانی کوردی کەڵک وەردەگرن کە بریتین لە ٢٩ نەبزوێن و ٨ بزوێن؛ بەڵام، هەورامی لە دوو بزوێنی زیادەی (ð) و (ɰ) لە هەندێک بارودۆخ و شوێنی تایبەتی دەنگسازیدا کەڵک وەردەگرێت بەم جۆرە هەورامی گوتاری دوو دەنگی زیادەی بە بەراوەرد لە گەڵ گۆرانی وێژەیی دیوانی مەولەویدا هەیە.

**٣.٢. پێکهاتەی بڕگە لە بنزاری هەورامی گوتاری و بننزاری گۆرانی وێژەیی**

بچووکترین یەکەی بزوێن لە زمانی کوردیدا لە یەک نەبزوێن و یەک بزوێن cv پێکدێت کەچێ دەکرێت هەندێکی تر نەبزوێن لە پێش و پاشی ئەم پێکهاتە سەرەکییەدا بهێنین تاکوو جۆری پێکهاتەی وشە زیاد بکەین. لەم بوارەدا، هەر دوو گۆرانی وێژەیی دیوانی مەولەوی و هورامی گوتاری پێکهاتەی برگەیی یان ڕێزبەندی نەبزوێن و بزوێنیان لە وشەکاندا هاوشێوەی زاراوە کوردیەکانی دیکە بە جیاوازییەکی بچووکەوە هەیە، واتە هەموویان لە داڕێژەی (c)(c)cv(c) بە هەبوونی شەش جۆرەوە پێکهاتەی برگە بەم شێوازەی خوارەوە پەیڕەدەکەن:

CV = lo CCV=fro CVC=kaš CVCC=task CCVC=klol CCVCC=pwalta

بەڵام بە بڕوای ئەم نووسەرە، پێکهاتەی برگەیی بە سێ بزوێنی سەرەتایی و سێ بزوێنی کۆتایی لە بنزاری هەوارمیدا بەدی دەکرێن وەک پژگیا/pžgyä/ و شپرز/šɨprz/ کەچی لە بنزاری گۆرانی مەولەویدا نابینرێن.

### ٣.٣. وشەسازی یان ڕێساکانی دروست کردنی وشە بە هەورامی گوتاری و گۆرانی ئەدەبی

وشەسازی بریتییە لە لقێکی ڕێزمان کە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان و چۆنیەتی وشەڕۆنان دەکۆڵێتەوە. بەگشتی وشەسازی بەسەر دوو بواری گەردانکاری و داڕێژراودا دابەش دەکرێت. بە هەمان شێوە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئاخاوتن بە بەکارهێنانی ئامرازە وشەسازییە جیاوازەکانی گەردانکاری، داڕێژراو و لێکدراودا دروست دەکرێن. بێجگە لەمە، ناوەکانیش دەتوانن لە ڕووی کەس، ژمارە، کات، ئەسپێکت، ڕەگەز و دۆخەوە گەردان بکرێن. بەم جۆرە وشەسازی گۆرانی و هەورامی لەم بوارانەی خوارەوەدا جیاوازن:

١. لە هەورامیدا ناوی چاوگی کردار زۆرتر بە زیادکردنی پاشگری ay- بۆ ڕەگ دروست دەبێت وەکوو "wärd-ay" واتە خواردن کە جیاوازە لەوەی گۆرانی کە زۆرتر لە دیوانی مەولەویدا بە پاڵخستنی ɨ/en- وەکوو "wärd-ɨn" چێ دەبێت.

٢. واچەی کۆ یان گەل لە هەورامیی گوتاریدا زۆرتر /è-/ یان /i-/ یە وەکوو "wil-è" واتە گوڵان یان 'mäsäwi' یانی ماسییەکان کەچی پاشگری کۆ لە گۆرانیی مەولەویدا بە شێوازی än- دەردەکەوێت وەکوو "gol-än" واتە هەمان گوڵان.

٣. هەندێک پێشگر، پاشگر، ئامرازی خستنەسەر لە هەورامیی گوتاریدا هەن کە لە نێو گۆرانی وێژەیی مەولەوید نیین یان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ هاوتای گۆرانیی وێژەیی مەولەوید لە ڕوی ڕواڵەتەوە جیاوازن وەکوو ئەوانەی لە خوارەوە پیشان دراون:

| | هەورامی گوتاری | گۆرانی مەولەوی |
|---|---|---|
| **1. prefixes(پێشگر):** | a) hor(êzay) (gêłäy)(هەڵسان) | b) hur(êza) |
| | ? ara(pujnäy) (پۆشانەوە) | Ø |
| | ? awa(sayäy)؟ | Ø |
| | war(biyay)/das(بەر) | bar (? äward) |
| | ba(بە) | wa |
| **2. suffixes:(پاشگر)** | a) kêšyä(ray)(کشانەوە) | b) Ø |
| | gêłäy(o) (گەڕانەوە) | Ø |
| | wäçän(awa)(وتنەوە) | Ø |
| | hawär(ga/gä)(هەوارگە) | Ø |
| | šaw(gär)(شەوگار) | Ø |
| **3. adposition(خستنەسەر):** | a) çir(ژێر) | b) žêr |
| | na(لە) | ja |
| | warje(بەرلە) | varu |

٤. ناوە هەورامییەکان بە پێچەوانەی گۆرانیی وێژەییەوە، هێمای ڕەگەزێکی ڕێزمانییان هەیە کە لەسەر بنەمای بزوێنی کۆتایی ناوەکە دیاری دەکرێت. بزوێنە بێ زەختەکانی ‘a’ و ‘i’ لە کۆتایی وشەکەدا بۆ ڕەگەزی ڕێزمانی مێینە و بزوێنەکانی دیکەش بۆ ڕەگەزی نێر ئاماژە دەکەن. بە گشتی نیشانەی تاکی مێینە بریتییە لە a-، تاکی نێر بێ نیشانەیە و کۆی هەردویان بە è- نیشان دەدرێت.

٥. ناوە لکێندراوەکان لە دوو پۆلی وەسفیی و خستنەسەر پێکهاتوون. نوێنەرایەتی دەنگی هێمای خستنەپاڵ لە نێوان ناو و سیفاتدا لە هەورامیدا بە ڕواڵەتی (i) دەردەکەوێت کەچی وەک ئەوەی کە لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشان دراوە لە دیوانی مەولەویدا هەندێ کات دەرناکەوێ.

| **گۆرانی مەولەوی** | **هەورامی گوتاری** |
|---|---|
| b) ɾaz- (Ø) širin | a)? asp- î syäw |
| story-(iz)-sweet | horse-iz- black |
| "ڕازی شیرین" | "ئەسپی ڕەش" |

٦. سەرەڕای ئەوەش، نوێنەرایەتی واچەی پاشگری نیشاندەری خستنەپاڵ لە نێوان ناوی پاڵوێدەری و ناوی پاڵوێدراودا نیشانەی (u-) لە هەورامیدایە کە بە شێوەی (i-) لە نێوان ناوی پاڵوێدەر و ناوی پاڵوێدراوی شیعرەکانی مەولەویدا دیار دەکەوێت یان هەر دەر ناکەوێت.

| **گۆرانی مەولەوی** | **هەورامی گوتاری** |
|---|---|
| b) paɾa (î) gol (Ø) | a)? asp- u ahmaɹ[Y] -i |
| leaf-(iz)-flower | horse-iz- Ahmad-OBL |
| "پەڕەی گوڵ" | "ئەسپی ئەحمەد" |

٧. ناوەکان بۆ ڕێککەوتنی ژمارە، ڕەگەز و بابەت و دۆخەکانی شوێن و بەرکار لە گەڵ کرداری هەورامیدا گەردان دەکرێن؛ بەڵام ژمارە بە ڕواڵەتێکی تر لە گۆرانی مەولەویدا بەرچاو دەکەوێت و بە هیچ شێوەیەکیش هێمای ڕەگەز و دۆخ لەسەر ناو نیشان نادات.

| **گۆرانی مەولەوی** | **هەورامی گوتاری** |
|---|---|
| b) xayäł-**(än)** xäm (Ø) | a) wił-<u>**e**</u> sor-<u>**e**</u> |
| daydream-pl-raw | flower- pl red- pl |
| "خیاڵان خاو" | "گوڵە سورەکان" |

٨. خستنەپێشەکان دەتوانن بە تەنیا یان بە هاوبەشی لەگەڵ خستنەپاشەکان بەر لە ناوە شوێنییەکان دەربکەون. بەڵام خستنەپاشەکان دەتوانن بە تەنیا لە دوای ناوە شوێنییەکان لە ڕۆڵی دۆخ-دیاردەری شوێنییەکان لە هەورامیدا بێن بەڵام لە دیوانی مەولەویدا لەم جۆرە پێگەیەدا نەهاتوون.

| **گۆرانی مەولەوی** | **هەورامی گوتاری** |
|---|---|
| b) ne pištiš (Ø) | a) **ja** pištiš **-ra** |
| on- his back -LC | on- his back -LC |
| "لە پشتی" | "لە پشتی" |
| a) na bäx- (Ø) | a) çä bäx- **na** |
| in-garden-LC | in-garden-LC |
| "لە باخدا." | "لە باخدا." |

**٣.٤. وشەسازی**

سوادیش (1971) پێرستێکی 100 وشەی بنەڕەتی تەیار کرد کە دەتوانرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت بۆ بەراوردکردنی تایبەتمەندییە هاوشێوە و جیاوازەکانی نێوان وشەکانی زمانەکانی ئێستا یان زمانە کۆنەکان لەگەڵ زمانە نوێکاندا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە و بەراوردکردنی ئەم ١٠٠ وشە بنەڕەتییەی نێوان هەورامی و گۆرانی لە دیوانی مەولەویدا لە خشتەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت کە نزیکەی ٥٠ وشەی هاوبەش و هاوشێوە (Similar) لە ڕووی ڕواڵەت و واتادا هەیە. بەڵام نزیکەی ٥٠ وشەی جیاواز (Different) لە ڕووی ڕواڵەتەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان تەوفیریان هەیە لە نێوان ئەم دوو بنزارەدا، کە جیاوازییەکی بەرچاو بۆ پێوەرەکانی جیاکردنەوەی ئەم دوو بنزارە لە ڕوانگەی ئامارییەوە نیشان دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، بەو پێیەی ئەم وشە جیاوازانە لە شێوەزارە کوردییەکانی دیکەی نزیک و بە تایبەتی لە زمانی فارسیدا دەبینرێن، ئەم ئاستە لە جیاوازیی وشەیی ناتوانێت ڕێگری لە لێکتێگەیشتن بکات لە نێوان ئەو کەسانەی کە ئاشنای دەقی نووسراوی گۆرانیی مەولەوی و هەورامی گوتاری لە هەوراماندان.

خشتەی ژمارە (١): پێڕستێکی 100 وشەی بنەڕەتی سوادێش

| No | هاوتای ئینگلیزی | فارسی | هەورامی | گۆرانی | Sim | Dif |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | I (Pers.Pron.1.Sg.) | man | ? am/mɨn | ? az/mɨn | | √ |
| 2 | you(2.sg!1952thou& ye) | to | to | to | √ | |
| 3 | we (1955: inclusive) | mä | ? îma | ? êma | √ | |
| 4 | This | ? în | ? îɹ$^{Y}$ /? îna | ? ay/? îɹ | | √ |
| 5 | That | ? än | ? äɹ$^{Y}$(a)/? äna | ? aw | | √ |
| 6 | Who ("?" not in 1971) | kî? | kê? | kê? | √ | |
| 7 | What ("?" not in 1971) | çe? | çêš(a/î)? | çêš? | √ | |
| 8 | Not | na | Na | na | √ | |
| 9 | all (of a number) | hame | gɨrd | gɨšt/gɨrdɨn | | √ |
| 10 | Many | xaylî | ferê | fera | √ | |
| 11 | One | yek | yak | yak | √ | |
| 12 | Two | do | dvê | du: | | √ |
| 13 | Big | bozorg | gowrê | bozorg | | √ |
| 14 | long (not wide) | deraz | derêž | deraz | | √ |
| 15 | Small | ku: çik | goläla | b(ɨ)çu: k | | √ |
| 16 | Woman | zan | žanî | žan | √ | |
| 17 | man (adult male human) | mard | pyä | mard | | √ |
| 18 | person (individual human) | kas | kas | kas | √ | |
| 19 | fish (noun) | mähî | mäsäwî | mä(h)î | | √ |
| 20 | Bird | parande | palawɨr | morɣ/mal | | √ |
| 21 | Dog | sag | tu: ta | sag | | √ |
| 22 | Louse | šipiš | hašpɨšê | sɨpê???? | | √ |
| 23 | tree (not log) | deraxt | där | där/deraxt | √ | |
| 24 | seed (noun) | däne/toxm | tom | däne | | √ |
| 25 | leaf (botanics) | barg | gɨłä | wałg | | √ |
| 26 | root (botanics) | ŕîše | ŕîša | ŕîša | √ | |
| 27 | bark (of a tree) | pu: ste | twêkł | pos | | √ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 28 | skin (1952: person's) | pu:st | pos | pu: s | | √ |
| 29 | flesh (1952 meat) | gu: št | gošt | gošt | √ | |
| 30 | Blood | xu: n | hu: nî | hu: n | √ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 31 | Bone | ostoxän | pêša | pîša | √ | |
| 32 | Grease (1952: fat, org) | | | | √ | |
| 33 | Egg | Toxmem orx | hêła | hêła | √ | |
| 34 | horn (of a bull, not 1952) | šäx | šäx | šäx | √ | |
| 35 | Tail | dom | qu: nî | kɨlk | | √ |
| 36 | feather (large, not down) | par | pal | paɾ | | √ |
| 37 | hair (on head of humans) | mu: | mu:(qɨž) | mu:(qɨž) | √ | |
| 38 | head (anatomic) | sar | sara | sar | √ | |
| 39 | Ear | gu: š | goš | goš | | √ |
| 40 | Eye | çešm | çam | çam | √ | |
| 41 | nose | bînî | lu: ta | bînî | | √ |
| 42 | mouth | dahän | dam | dahan | | √ |
| 43 | tooth (front, rather than molar) | dandän | dɪ$^{Y}$än | (dɨ)dän | √ | |
| 44 | tongue (anatomical) | zabän | zwän | zwän | √ | |
| 45 | claw (not in 1952) | çeng | çɨngu: ła | çengu: ła | √ | |
| 46 | foot (not leg) | pä | pä | pä | √ | |
| 47 | knee (not in 1952) | zänu: | zangoł | zänu: | | √ |
| 48 | Hand | dast | dasa | dast | √ | |
| 49 | belly (abdomen) | šɨkam | lam | sɨk/hu: rg | | √ |
| 50 | neck (not nape) | garden | mɨl | garden | | √ |
| 51 | breast (female) | sine | mama | Sine | | √ |
| 52 | heart | qalb | zêl | dɨł | | √ |
| 53 | Liver | jɨgar | jarg | jarg | √ | |
| 54 | drink (verb) | nu: šîdan | lu: štay | No (lu:)šîn | | √ |
| 55 | eat (verb) | xordan | warday | war(d)ɨn | √ | |
| 56 | bite (verb) | gaz gereftan | gastay | gaztɨn | | √ |
| 57 | see (verb) | dîdan | b(w)inay | dîɨn | | √ |
| 58 | hear (verb) | šanîdan | ažnawiyay | šnaftɨn | | √ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 59 | know (facts) | dänɨstan | zänay | zänîn | √ | |
| 60 | sleep (verb) | xäbidan | wɨtay | xawtɨn | | √ |
| 61 | die (verb) | mordan | marday | mardɨn | √ | |
| 62 | kill (verb) | koštan | koštay | koštɨn | √ | |
| 63 | swim (verb) | šena kardan | male karday | male kar(d)ɨn | √ | |
| 64 | fly (verb) | parväz kardan | paɾäi | fɨɾin | | √ |
| 65 | walk (verb) | qadam zadan | läwaranay | Gardeš | | √ |
| 66 | come (verb) | ? ämadan | ? ämay | ? ämän | | √ |
| 67 | lie (verb) | lamdadan dɨräzkašî dn | päkotay | hałäjyan | | √ |
| 68 | sit (verb) | nešastan | aranîštay | nîštɨn | | √ |
| 69 | stand (verb) | ? îstädan | mɨdray | Horèzän | | √ |
| 70 | give (verb) | dädan | day | dän | √ | |
| 71 | say (verb) | goftan | wɨtay | Wätan | √ | |
| 72 | Sun | xoršîd | war | Xor | | √ |
| 73 | moon (not in 1952) | mäh | mäng | mäh | | √ |
| 74 | star | sitäre | hasära | sitäre | | √ |
| 75 | water (noun) | ? äb | ? äw | ? äw | √ | |
| 76 | rain (noun) | bärän | wärän/wašt | wärän | √ | |
| 77 | stone | sang | tawan | Sang | | √ |
| 78 | sand | rig/mäse | mäse | ɾêx/lɨm | | √ |
| 79 | earth (soil) | zamîn (xäk) | zawî (? arz/xoł) | zamî(n) | | √ |
| 80 | cloud (not fog) | ? abr | hawr | hawr | √ | |
| 81 | smoke (noun, of fire) | du: d | du: kał | du:(d) | | √ |
| 82 | fire | ? ätaš | ? êr | ? ähɨr | | √ |
| 83 | ash(es) | xäkɨstar | bu: l | su: xta | | √ |
| 84 | burn (verb intr.) | su: xtan | soçyay | su: žyän | | √ |
| 85 | path (trail, not street) | räh/masîr | ɾê/ɾä | ɾäga | | √ |
| 86 | mountain (not hill) | ku:h | Kaš | Käw | | √ |
| 87 | red (color) | sorx | su: r | qɨrmɨz/su: r | √ | |
| 88 | green (color) | sabz | sawz | sawz | √ | |
| 89 | yellow (color) | zard | zard | zard | √ | |
| 90 | white (color) | sefîd | çarmê | çarma | √ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 91 | black (color) | sîyäh | Sîyäw | syä | | √ |
| 92 | night | šab | Šawê | Šaw | √ | |
| 93 | hot (adj, of weather) | garm | däx/garm | garm | √ | |
| 94 | cold (of weather) | sard | sarð | sard | √ | |
| 95 | full | por | pɨrä | paɽ | | √ |
| 96 | new | no/täze | täza | no/naw | √ | |
| 97 | Good | xu: b | xäs/? äl | xäs | √ | |
| 98 | round (not in 1952) | gɨrd | xɨrt | gɨrd | | √ |
| 99 | dry (substance) | xošk | wɨšk | wɨšk | √ | |
| 100 | name | näm | näwî | näm | | √ |

**٣.٥. ڕستەسازی هەورامی لە هەمبەر ڕستەسازی گۆرانی**

توخمەکانی نێو ڕستە کوردیەکان بەگشتی ڕیزبەندی کارا + بەرکار + کرداریان هەیە (دەبیر موقەدەم ٢٠٠١) و هەریەک لەم توخمانە هەڵگری تایبەتمەندی خۆیەتی. لە نێوان توخمەکانی نێو ئەم ڕستانەی زمانی کوردیدا بەگشتی دوو داڕێژەی کارلێکردن لە یەکدی لە کاتی گەردانکردندا هەیە. ئەم دوو داڕێژەیە بە ڕێکەوتنی نێوان کارا و بەرکار لە گەڵ کردار یان بە دیارکەوتنی هێمای دۆخی کارا یان بەرکار لە سەریان دەردەکەون. یەکەمیان داڕێژەی کارا-بەرکارییە. لەم داڕێژەدا، کردار لە گەڵ کارا لە ڕووی کەس و ژمارە و ... ڕێکدەکەوێت یان هێمای دۆخی کارا و بەرکار لە گەڵ یەکدیَ جیاوازن. دووهەمیان، داڕێژەی ارگاتیف-ئەبسلوتیڤە. لەم داڕێژەدا، هەندێ سات کردار لە گەڵ کارا و هەندێ کاتیش لە گەڵ بەرکار لە ڕووی کەس و ژمارە و ... ڕێکدەکەوێت یان هەندێ کات هێمای دۆخی کارا و بەرکار لێکدەچن. بەم شێوەیە بەراوردکردنی ڕستەسازی هەورامی و گۆرانیدا پیشان دەدات کە لە نێوان تابەتمەندی توخمەکانی ئەم دوو بنزارەدا هەندێک لێکچوون و جیاوازی بەم جۆرەی خوارەوە بەدیَ دەکرێن:

١.ڕستەکانی هەر دوو بنزارەکە لە دەمکاتەکانی ئێستا(ی سادە)دا و ڕابردوودی تێنەپەڕدا هەڵگری داڕێژەی کارا-بەرکارین. هەروەها کە وێنەی ڕستەکانی ئەم دوو بنزارە لە خوارەوە پیشان دەدەن لە هەر دوو بنزارەکەدا کردار لە گەڵ کارا لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکەوتوون.

**هەورامی گوتاری** **گۆرانی مەولەوی**

a)(min) pul-i ma-ɹ$^{Y}$-**u** be ahmaɹ$^{Y}$-i b)(min) ɾuy šarmandagi wa dargät ma-ru-**un**

I money-OBJ - IND- give-I- to ahmad-OB I face (of) shame-() to your gate() IND-bring-I

"من بە ئەحمەد پووڵ دەدەم." "ڕووی شەرمەندەگی وە دەرگات ماروون."

٢.سەرەڕای ئەمە، دەرکەوتنی ڕواڵەتی زۆربەی پاشگرەکانی ڕێکەوتنی کارا لە چاوەی کەس و ژمارەوە لەسەر کردار لە داڕێژەی کارا-بەرکاریدا لە نێوان ڕستەکانی هەورامی و گۆرانیدا جیاوازن. هەروەها، پاشگری ڕێکەوتنی ڕەگەزی کارا لە گەڵ و لەسەر کرداردا تەنیا لە هەندێ لە گەردانکارییەکانی رستەکانی هەورامیدا بە دی دەکرێن. وێنەی ئە جیاوازیانە لە دەمکاتی ئێستای سادەدا لە خوارەوە نیشان دەدەین.

| | هەورامی گوتاری | | | گۆرانی مەولەوی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٢ | ٣ |
| **تاک** | -u | -i | -o | -un | -i | -o |
| **کۆ** | -mê | -dê | -ä | -ɨm | -ɨn | -än |

٣.هەروەها، پاشکۆی هێمای بەرکار و پاشگری هێمای تەواوکەر تەنیا لە داڕێژەی کارا-بەرکاری ڕستەکانی هەورامیدا دەردەکەون و لە گۆرانیدا ئەم هێمایە هەبوونی نییە.

**هەورامی گوتاری** **گۆرانی مەولەوی**

a) ä wil-aka-i ma-ɹ^Y^-**o** ba ahmaɹ^Y^ –i b) ?(aw) her xadang- (∅) bar-o we jäy xadangda (∅) he- flower-IA-DS- IND-give-he to ahmad-OBL he just arrow (IND) throw-he-on place of arrow (OBL)

"ئەو گوڵەکە دەدا بە ئەحمەد" "هەر خەدەنگ بەرۆ وە ڕووی خەدەنگدا"

٤. ڕستەکانی هەر دوو بنزارەکە لە کاتی تێپەڕی ڕابردوودا داڕێژەی ارگاتیف-ئەبسلوتیڤیان هەیە. لەم داڕێژەدا، هەندێ سات کردار لە گەڵ کارا (زۆرتر لە گۆرانیدا) و هەندێ کاتیش لە گەڵ بەرکار لە ڕووی کەس و ژمارە و ... (زۆرتر لە گۆرانیدا) ڕێکدەکەوێت یان هەندێ کات هێمای دۆخی کارا و بەرکار لێکدەچن.

**هەورامی گوتاری** **گۆرانی مەولەوی**

a) ***min*** nä- ***im*** wär-d b) **(min)** sarçang war-d -im

I bread -DS- eatl- PAST I bean - eatl- PAST –inf

"من نانم خوارد." "من سەرچەنگ وەردم."

٥. پتر لەمە، دەرکەوتنی ڕواڵەتی هەندێ لە پاشگرەکانی ڕێکەوتنی کارا بەپێی کەس و ژمارەوە لەسەر کردار لە داڕێژەی ئێرگاتیف-ئەبسلوتیڤ لە نێوان ڕستەکانی هەورامی و گۆرانیدا جیاوازن. لەیرەدا پاشگری ڕێکەوتنی ژمارە و ڕەگەزی بەرکار لە گەڵ و لەسەر کرداردا تەنیا لە هەندێ لە گەردانکارییەکانی رستەکانی هەورامیدا بە دی دەکرێن. لە ئەم داڕێژەدا پاشگری هێمای کەس و ژمارەی کارا لە هەر دوو بنزارەکەدا لەباتی ئەوەی لە سەر کردار دیاری بکرێن لە سەر بەرکار نیشان دەدرێن. بەپێچەوانەی ئەم تایبەتمەندی هەورامییە شتێکمان لەم وێنەیە لە دیوانی مەولەویدا بەدی نەکرد.

**هەورامی گوتاری** **گۆرانی مەولەوی**

**a)** (? êma) pay to karg- **I -e**- mä -äsan- **ä ..................** (∅)**................**

we-for-you- hens- DO- **F**-**P&N** –buy- PAST- **F**

"ئێمە بۆ تۆ مامرمان کڕی"

٦. جگە لەمەش، ڕستەی هەڵگری کاتە بەردەوامەکان لە هەورامی و گۆرانیدا بە کەڵک وەرگرتن لە ئامێری جیاواز چێ دەبن.

**هەورامی گوتاری** **گۆرانی مەولەوی**

melay mɨl- u (xarik-m) mɨlu-n

to go-go-I trying-am go-I

"من خەریکم دەڕۆم" "من خەریکیم دەڕۆم"

٧. شێوازێکی تری داڕێژەی ئێرگاتیف-ئەبسلوتیڤ بە گوێرەی کەریمیدۆستان و نەقشبەندی (2013) هەیە کە تایبەتە بە هەورامی. لەم داڕێژەدا، بەرکار پێش لە کارا لە سەرەتای ڕستەکەدا زەق دەبێتەوە و ئەوە بەرکارە کە لە ڕووی کەس و ژمارە و ڕەگەزەوە لەگەڵ کرداری ڕستەکەدا ڕێکدەکەوێت. بەڵام ئەم داڕێژە لە بنزاری وێژەیی گۆرانی مەولەویدا نەدۆزرایەوە و ئەم ڕستەی هاوشێوازیمانە بە بەراورد لەیرە دانا.

**هەورامی گوتاری** **گۆرانی مەولەوی**

a) där-aka sarɹ^Y^ay -bard b) där-aka sarma- bard-iš

tree- IA cold-OB- took tree -IA cold- took- INF

"دارەکە سەرما بردی." "دارەکە سەرما بردی."

## ٥. دەرەنجام

خەڵکی دەڤەری هۆرامان لە ئاخافتنەکانیاندا بنزاری هەورامی بەکاردەهێنن کە لە هەندێک ڕووەوە جیاوازە لە گۆرانیی کە لە سەرانسەری دەڤەری زاگرۆس بنزارێکی وێژەیی بووە و شێعری پێ گووتراوە. ئەگەری ئەوەش هەیە پێشتر ئاخێوەری هەبوو بێت کەچی لە ئێستادا ناتوانین ناوچەیەک دەستنیشان بکەین کە بە ئەو بنزارە قسە بکەن. زمانناسان دوو بنزارای گۆرانی وێژەیی و هەورامی گوتاری لە سەر شێوەزاری گۆران/زازایی زمانی کوردی پێناسە و ئەژمار دەکەن. کەسانێک ئەم دووانە بە هەڵە وەک یەک بنزار دەزانن و دیوانی شاعیرانی گۆران وەک مەولەوی بە هەورامی ناوزەد دەکەن کەچی ئەم وتارە دەیسەلمێنێت بنزاری گۆرانی دیوانی مەولەوی لەچاوەی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی دەنگناسی، وشەڕۆنان، وشەناسی، ڕستەسازی و واتاییەوە لە گەڵ هەورامیدا جیاوازە. لە ڕووی دەنگناسییەوە هەردووکیان لە ٣٤ فۆنێمی بنەڕەتی زمانی کوردی

sjh@univsul.edu.iq

کەڵک وەردەگرن کە بریتین لە ٢٧ نەبزوێن و ٧ بزوێن؛ بەڵام هەورامی لە دوو بزوێنی زیادەی ( ð) و (ɯ) لە هەندێک بارودۆخی دەنگسازیدا کەڵک وەردەگرێت. هەردوو جۆرەکە پێکهاتەی بڕگەیی یان ڕێزبەندی نەبزوێن و بزوێنیان لە وشەکاندا هاوشێوەی زاراوە کوردیەکانی دیکە بە جیاوازییەکی بچووکەوە هەیە، واتە هەموویان لە داڕێژەی (c)(c)cv(c) بە هەبوونی شەش جۆرەوە پەیڕەی دەکەن. بەڵام بە بڕوای ئەم نووسەرە، پێکهاتەی بڕگەیی بە سێ بزوێنی سەرەتایی و سێ بزوێنی کۆتایی لە بنزاری هەورامیدا بەدی دەکرێن کەچی لە بنزاری گۆرانی مەولەویدا نابینرێن. هەندێک ئامرازی وشەڕۆنان وەکوو چاوگی کردار، پاشکۆی کۆ، و ... لەم دوو بنزارەدا جیاوازن. هەروەها، نیشانەکانی دۆخی کارا، بەرکار، خاوەنی و شوێن و خستنەپاڵ لە پاش ناوەکانی هەورامی دەردەکەون کەچی لە گۆرانی وێژەیی دیوانی مەولەویدا نیین. بەراوردکردنی وشەکان لەسەر بنەمای پێڕستی سەد وشەیی سوادیش هەبوونی نزیکەی ٥٠ وشەی لێکچوو و نزیکەی ٥٠ وشەی جیاواز لەم دوو جۆرەدا دەردەخات. ڕواڵەتی هەندێ لە پاشگرەکانی ڕێکەوتنی کارای کەس و ژمارە لە داڕێژەی کارا-بەرکاری لەسەر کرداردا و ژمارە و ڕەگەز لە داڕێژەی ارگاتیف-ئەبسلوتیف لە سەر بەرکاردا لە نێوان ڕستەکانی هەورامی و گۆرانیدا جیاوازن. سەرتر لەمە، پاشگری هێمای ڕەگەز و پاشکۆی هێمای بەرکار تەنیا لە هەندێ لە ڕستەکانی هەورامیدا هەن. ئەم توێژینەوە بە بەڵگەوە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە بنزاری دیوانی مامۆستا مەولەوی لە ڕووی زمانەوانییە گۆرانیی وێژەییە و هەورامی نییە.

**سەرچاوەکان:**


امینی، امیر (1377). تحقیقی پیرامون زبان کردی و دستورزبان کردی. ناشر: نویسنده.

بامشادي، پارسا و جواد بامشاد ي . 1393، مقايسة پسوندها و پيشوندهاي تصريفيِ فعل در كرديِ گوراني و فارسي معيار . زبان و زبانشناسي .د .١٠ش .١ صص .101-120.

بامشادي، پارسا و همكاران. 1395، بررسي معنايي سه حرف اضافة arɑ وwal‹tɑ در كردي گوراني از ديدگاه شناختی. جستارهاي زباني .د٤ .ش٧پياپي ٣٢. صص٥٩-٨٠.

بامشادي، پارسا و همكاران. 1396، معناكاوي دو حرف اضافة la وwa در كرديگوراني: رويكردي شناختي. پژوهشهاي زباني .س ٨ ش . 1صص .21 -40.

بامشادي، پارسا و شادي انصاريان. 1396، ساخت ملكي در كردي گوراني: رويكردي ردهشناختي. زبانشناسي گويشهاي ايراني .د .٢ش 1پياپي٣ .صص .1 -22.

بامشادي، پارسا و مهين نازمير دهقان. 1394، ردەشناسي برهمنهشت و جهت فعل در كردي گوراني .پژوهشهاي زباني .س .٦ش .٢. صص .1 -20.

بامشادي، جواد . 1392، واژەبستهاي ضميري در زبان گوراني. مجموعه مقالات نخستين همايش ملي بررسي واژه بستها در زبانهاي ايراني .به كوشش محمد راسخ مهند. صص .٢٩١-٢٦٩. تهران: نشر نويسة پارسي.

بدلیسی، امیر شرفخان بن شمس‌الدین. ١٣٦٤، تاریخ مفصل کردستان (٩٤٥ قمری)، با مقدمه، تعلیقات و فهارس بقلم **محمد عباسی**. تهران: مؤسسه مطبوعات علمی.

چمن آرا، بهروز. ١٣٩٠، **درآمدی بر** ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامه کردی. جستارهای نوین ادبی، 44(1) (مسلسل 172)):119-149.

حەبیبی ، عەبدوڵا. ١٣٩٩. دیوانوو سەیدی هەورامی (محمدسلیمان‌بن‌محمود صیدی) سنە: انتشارات کردستان

رحیمی، فاتح (1386). *دستور زبان کردی (هەورامی)*.  سنندج.
رخزادی، علی (1371). بررسی آوائی و دستوری زبان کردی. دانشگاه شهید چمران، اهواز.
رخزادی، علی (1389). ریزمانی کوردی سورانی. انتشارات کردستان، سسندج.س
**سجادی**، سیدمهدی. ۱۳۹۷، گوراني،هورامي و كردي: يك بررسي زبانشناختي در پاسخ به چمن‌آرا  (۱۳۹۰) بامشادي و همکاران (1395، 1394، 1395، ۱۳۹٦). *دوماهنامه جستارهای زبانی. د ۱۱، ش ٤(پیاپی۵۸)، مهر و آبان 1399.* صص ۳۲۷-361.
سنندجی، مهدی (هەوار)، 1394. *توصیف اجمالی زبان باستانی هورامی (از زبان‌های کردی):* با معرفی گویش نودشه‌ای، انتشارات ئەوین، مریوان.
طاهری، طیب. (1400). شکل‌گیری هویت ایلی عشیره‌ای سرزمین پهلویان (قرون 7هفت و هشت ه.ق). فصلنامه‌ی شنرویه، سال دوم، شماره چهارم، بهار 140
کریمی، یادگار (1391). تحلیل ساخت کنایی بر پایه‌ی شواهدی از زبان کردی. *دو فصلنامه علمی-پژوهشی زبان‌پژوهی دانشگاه الزهرا (س).* سال چهارم ، شماره 7.
*کریمی‌دوستان، غلامحسین و نقشبندی، زانیار (1390). ساخت‌های کنایی در گویش هورامی. فصلنامه پژوهش‌های زبان و ادبیات تطبیقی. د 2، ش 2(پیاپی 6) تابستان 1390.*
نقشبندی، شهرام. 1375، *نظام آوایی گویش هورامی (گونه شهر پاوه) از دیدگاه واج‌شناسی زایشی و واج‌شناسی جزء مستقل*، پایان‌نامه کارشناسی ارشد زبان‌شناسی همگانی، دانشگاه علامه طباطبایی.

## English References

ChamanAra, B. & Amini, C (2018). Gurani: Practical Language or Kurdish Literary idiom? British Journal of Middle Eastern Studies.

Dabir Moghadam, M. (2001). Word order typology of Iranian languages, *The journal of humanities*, 8(2): 17-22.

Holmberg, A., and Odden, D. (2005). The noun phrase in hawramani. *Paper presented at First International Conference on Aspects of Iranian Linguistics*, Liepzig.

Holmberg, A., and Odden, D. (2004). *Ergativity and role-marking in Hawrami, Handout from Syntax of the World's Languages* 1, University of Leipzig & Max Plank Institute of Evolutionary Anthroplogy.

Jugel, Thomas (2014). On the Linguistic history of Kurdish. Kurdish Studies 2(2). 123-124.

Larson, R., and Yamakido, H (2009). *Ezafe and Deep Position of Nominal Modifiers*, Barcelona Workshop on Adjectives & Adverbs, Barcelona, Spain.

MacKenzie, D. N. (1966). The dialect of Awroman (Hawramn-i Luhon). The Grammatical Sketch, Texts and Vocabulary. Copenhagen: Munksgaard

. Naghshbandi, Sh. (2020). The Approximantization of Alveolar Plosives in Hawrami (Paveh Variety). LRR; 11 (1): 81-110 URL: http://lrr.modares.ac.ir/article-14-15736-fa.html

Rich, Claudus James. (19927). Narative of a residence in Koordestan and on the site of ancient Nineveh, London

## Mawlawi’s Book of Poems: Horami spoken variety or Gorani literary variety?

**English Abstract**

Horami spoken variety (HSV) and Gorani literary variety (GLV) are subsumed under the more comprehensive dialect of Gorani-Zaza of Kurdish language. Some mistakenly consider these two as the same and they treat the Book of Poems of poets like Mawlawi as HSV; howevere, this article aims to prove that Mawlawi’s Book of Poems (MBP) differs from HSV in terms of some distinctive linguistic features of phonetics and phonology, syllable design, morphology, lexicon, syntax and semantics. HSV has two more phonemes, i.e. two consonants (ɹ$^{Y}$) and (N), non-existent in GLV. HSV has three initial and final consonant clusters absent in GLV. Morphologically, word formation mechanisms for making gerund, plural, … are somehow different in these two varieties. Furthermore, the objective, accusative, possessive (izafe), and locative case-markers have overt realizations in HSV while they are not realized in MBP. Moreover, comparing their lexicon based on 100 Swadesh’s word list shows the existence of about 50 common and similar, and nearly 50 different words in these two varieties. Syntactically, they represent somehow various formal features of person, number and gender agreement in both accusative-nominative and absolutive-ergative case-marking patterns. Morover, the signs of female gender and direct object and obliques are only perceived in HSV. As the result, this study highlights more structural differences between HSV and GLV of Mawlawi and it provides more support for this view that the variety present in MBP is GLV and not HSV.

**Key words:** Horami spoken variety, Gorani literary variety, Goran/Zaza dialect, distinctive linguistic features

دیوان مولوي: هل هو بالتنوع بالهورامية المنطوقة أم الكورانية الأدبية ؟

**الملخص العربى**

تعد تنوعين الكورانية الأدبية والهورامية المنطوقة من فروع الهجه كوران/زازاي الكردية. ويخطئ البعض في ادراج هاتين اللتنوعتين تحت الهجه واحدة، ويطلقون على لغة ديوان الشعراء الكورانين كالعبدالرحيم المولوي بالتنوع الهورامية، لكن هذا المقال يثبت أن تنوع الكورانية التي انشد بها ديوان مولوي تختلف عن تنوع الهورامية من حيث بعض السمات اللغوية المميزة مثل الصوتيات والمقاطع اللفظية و بناء المفردات والجمل والنحو وعلم الدلالة. لهورامي المنطوق صوتان إضافيان وهما (ð) و .(ɯ) يختلف بعض تراكيب الجمل وأدوات المقاطع اللفظية مثل مصدر الأفعال ولاحقات الجمع وما إلى ذلك بين هاتين التنوعتين. كما أن علامات الفاعل والفعل والمكان والإسناد تظهر بعد الأسماء في االهورامية، لكنها لاتوجد في الكورانية الأدبية التي انشد بها ديوان مولوي. تظهر مقارنة الكلمات على أساس قائمة سواديش المكونة من 100 كلمة أن هناك حوالي 50 كلمة متشابهة وحوالي 50 كلمة مختلفة في هذين النوعين. وتختلف زيادات بعض الأفعال المطابقة للفاعل الشخص والعدد على الفعل بنمط الفاعلي - المفعولي والعدد والجنس على المفعول بنمط الارجاتيو-المطلق بين الجمل الهورامية والكورانية. ويقودنا هذا البحث إلى نتيجة مفادها أن ديوان مولوي أنشد بالكورانية الأدبية وليست بالهورامية المنطوقة

**الكلمات الرئيسية**: تنوع الهورامية المنطوقة، تنوع الكورانية الأدبية، لهجة كوران/زازا، الخصائص اللغوية الفاصلة.

sjh@univsul.edu.iq